# ئەمجارەیان کارەبای هەولێر بە تەواوی بڕا

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ڕایگەیاند، کە سەعات (٨)ی سەرلەبەیانیی دوێنێ سێ شەممە (٢/٧/٢٠٠٢) کارەبای هاتوو لە وێستگەی دوکان و دەربەندیخانەوە بۆ پارێزگای هەولێر بە تەواوی بڕا، بێ ئەوەی کارەبای سلێمانی هیچ هۆکارێک بۆ ئەم بڕینە لەناکاوە دیاری بکات. ئەمە جاری سێیەمە لەم وەرزە گەرمەی هاویندا کارەبا لەسەر هەولێر دەبڕدرێت، کە گرفتێکی زۆر بۆ هاوولاتییان بەگشتی و مندالان و بەسالاچووان بەتایبەتی دروست دەکات.